**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ٧٩٥ لە ٢٠٢٢/١/١٩**

پاڵپشت بە ماددەی هەشتەم لە یاسای پێناسەی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٣، ماددەی دەیەم لە یاسای پێناسەی گومرگی سیستەمی هەماهەنگی جیهانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو، ماددەی (٢٧٠/ سێیەم) لە یا سای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو، بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٩ ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە و لە پێناوی ئاسانکاری بۆ کاروباری گومرگی بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی رێنمایی گومرگی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠ .

**هەمواری یەکەمی رێنمایی گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**ماددەی (١):** ئەم بەش و بڕگانەی خوارەوە هەموار دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

- **بەشی یەکەم**/زنجیرە (٢٠) ووشەی (گشتی) لاببرێت و لە شوێنی ئەو ووشەی (بەڕێوەبەری) دابنرێت,دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت تا کۆتایی .
- **بەشی دووەم/** خاڵی چوارەم/ دەستەواژەی ماددەی (پێنجەم و شەشەم) بگۆردرێت و بەم شێوەیەی لێ بکرێت (ماددەی پێنجەم/ بڕگەکانی (پێنجەم و شەشەم).
- وە لە هەمان خاڵ دەستەواژەی/ ماددەکانی (دەیەم و یانزەم) بگۆردرێت و بەم شێوەیەی لێ بکرێت (ماددەی/ حەڤدەم).
- بەشی دووەم/خاڵی چوارەم/ زنجیرە (٤) لە دوای ووشەی (زیاتر نەبێت) رستەکە تا کۆتایی لاببرێت.
- **بەشی سێ یەم/** خاڵی سێیەم/ زنجیرە (٩) ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت (لایتی لێزەری).
- **بەشی چوارەم** /خاڵی (٥) بڕگەکانی ( أ-ب-ج-د-هـ ) هێمای (%) لەسەر ژمارەکان لاببرێت ,سەبارەت بە بڕگەکانی باجی دەرامەت ڕێژەکە لە ڕەسم بگۆڕدرێت بۆ بەها .
- لە بەشی چوارەم /خاڵی (٥) بڕگەی (ج) بەم شێوەیەی لێ بکرێت (کرێی پشکنین (١٠) دە دۆلار وەربگیرێت بۆ هەر برێک لەگەڵ پولی دارایی و بەهایی فۆڕم .
- بەشی چوارەم/ خاڵی (٥) لە دوای بڕگەی (ز) بڕگەی (ح) زیاد بکرێت بەم شێوەیە (کرێی پشکنین بۆ (١) یەک کغم/کیلوغرام بەردی گران بە ها و الماس لە کاتی بردنە دەرەوەی (٦٠) شەست دۆلار وەربگیرێت لەگەڵ پولی دارایی و بەهای فۆرم .
- لە بە شی چوارەم/ خاڵی (٦) لەدوای وو شەی (زێڕ)ئەم دە ستەواژەیە زیاد بکرێت (زیوو بەردی گران بەهاو الماس) دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت تا کۆتایی.
- **بەشی پێنجەم/**خاڵی سێیەم/بڕگەی (٤) دەستەواژەی سەرووی (٣) سێ تەن بکرێت بە(٤) چوار تەن
- لە بەشی پێنجەم/خاڵی ( هەشتەم ) زنجیرە (٧) ووشەی ( لاشەی ) لاببرێت , دوای ووشەی (ئامێرانەی ) ووشەی ( لاشەو ) زیاد بکریت دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت.





- بەشی پێنجەم/خاڵی نۆیەم /زنجیرە ( ٩/أ ) دوای ووشەی ( بەمەرجێک ) ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت ( دەبێت بە انشائی بمێنێتەوە ) دواتر ڕستەکە تا کۆتایی ڕەش بکرێتەوە .
- بەشی پێنجەم/ خاڵی نۆیەم/ زنجیرە (١٠) لە خشتەی بەهای ئۆتۆمبێلەکانی خوار مۆدیلی رێگەپێدراو خاڵێکی تر زیاد بکرێت واتە بکرێت بە زنجیرە (١١) و ئەم دەستەواژەیە زیادبکریت (ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و ئامێری بیناسازی و کشتوکاڵی) وە بە لیژنە بەهای بۆ دیاری بکرێت.
- لەبەشی پێنجەم/ خاڵی (نۆیەم) زینجیرە (١٤) دەستەواژەی (ڕێگایان پێ نادرێت بۆ ناو هەرێم ) لاببرێت لە شوێنەکەی ئەم دەستەواژەیە دابنرێت (پێویستە پلۆمی گومرگی لێ بدرێت ).
- بە شی پێنجەم/ خاڵی نۆیەم/زنجیرەی (١٥) لە دوای وو شەی ( دیاری کراوە) ئەم دە ستەواژەیە زیاد بکرێت (ڕەسمی گومرگی لێ وەربگیرێت ) دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت تا کۆتایی.
- بەشی پێنجەم/ خاڵی چواردە/ دوای ووشەی ( هەڵە ) دەستەواژەی (ژمارەی لاشەیان لەگەڵ) لاببرێت دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت تا کۆتایی.
- بەشی پێنجەم/خاڵی بیست و یەک/ بڕگەی (١٥) ووشەی ( کەفالەت ) بگۆردریت بە ( بەڵێن نامە).
- بەشی پێنجەم/خاڵی بیست و چوار/لە کۆتایی ڕستەکە ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت ( ڕێژەی ٢٥%ی وەک سزا لێ وەربگیرێت ) .
- بە شی پێنجەم/ خاڵی سی و سێ/ لە کۆتایی ڕ ستەکە ئەم دە ستەواژەیە زیاد بکرێت بەم شێوەیە ،ئەگەرلەحاڵەتێکدا پێویست بوو بە لێخوڕین هاوردەی بکات دەبێت :-
- کیلۆمەتر سفر بوو پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ هەیە .
- کیلۆمەتر سفر نەبوو پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ هەیە .
- بەشی پێنجەم/ خاڵی سی و پێنج/زنجیرە (٦) لە کۆتایی ڕستەکە ئەم دەستەوەژایە زیاد بکرێت (لەو وولاتانەی کە ساڵیانە دەدەن ).
- بەشی پێنجەم/ خاڵی چل و چوار/لە دوای ووشەی سلێمانی ووشەی (هەڵەبجە) زیاد بکرێت , دواتر ڕستەکە وەک خۆی بمێنێت تا کۆتایی .
- **بەشی شەشەم/**خاڵی چوارەم/ بڕگەی أ- لە خشتەی جۆری سەرپێچی گومرگی زنجیرە (١١) لاببرێت.
- بەشی شەشەم/ خاڵی چوارەم بڕگەی-أ- لە خشتەکەدا دواهەمین ژمارە (١٣) بکرێت بە (١٤) .
- بە شی یەکەم/رێ سای گ شتی خاڵی ٣٠/بڕگەی(٥) بکرێت بە (پا صی گە شتیاری عیراقی بۆ دەرەوەی هەرێم) و کرێی پشکنین لە (١٠) دە دۆلار بکرێت بە (٢٠) بیست دۆلار.
- بڕگەی (٧) ووشەی پاص زیاد بکرێت و بکرێت بە (ئۆتۆمبێل و پاصی گەشتیاری چوون بۆ دەرەوەی هەرێم).
- بڕگەی (٩) ووشەی پاص زیاد بکرێت و بکرێت بە (ئۆتۆمبێل و پاصی گەشتیاری عیراقی گەڕانەوەی بۆ ناو هەرێم).





- **بەشی یانزە**/سێ یەم/بڕگەی (ت) زیادبکرێت (دەبێت شارەزایی هەبێت لە کۆمپیوتەر بە تایبەت بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد).
- بەشی یانزە/چوارەم/بڕگەی (ت) زیادبکرێت (دەبێت شارەزایی هەبێت لە کۆمپیوتەر بە تایبەت بەرنامەی مایکرۆسۆفت وۆرد).
- بەشی یانزە/هەشتەم/بڕگەی (٤) لاببرێت.
- بەشی دوانزە/زنجیرەی (١٩)لاببرێت.کە تایبەتە بەهەناردەکردنی بەردی گزۆزی، لەبەر ئەوەی قەدەغەکراوە.
- **بەشی دوانزە/** لەخشتەکەدا بابەتی (ئۆکسیدی زینک) زیاد بکرێت بە بەهای (٦٠٠،٠٠٠)شەش سەد هەزار دینار بەرێژەی (١٠%) وەربگیرێت.
- بەشی دوانزە/بڕگەیەکی نوێ تایبەت بە هەناردەکردنی (مافور و فەرشی دەستکردی بەکارهاتوو) زیاد بکرێت ،بۆ یەک کیلۆگرام بەها (٢)دوو دۆلار بەرێژەی (١٠%) وەربگیرێت.
- بەشی دوانزە/زنجیرەی (١١)لە خشتەکەدا (پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو) کە مۆڵەتی پیشەسازی هەیە بەهاکەی لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بکرێت بە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار و رێژەکەی لە (٨%) بکرێت بە (٥%).
- بەشی دوانزە/زنجیرەی (١٢) لە خشتەکەدا (پێستەی خۆشکراوی تەواو یان نیمچە خۆشکراو) کە مۆڵەتی پیشەسازی نییە بەهاکەی لە (١،٥٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بکرێت بە (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار بە رێژەی (١٠%) .
- بەشی دوانزە/بڕگەیەکی نوێ تایبەت بە هە ناردەکردنی (رۆنی مەکینە و ئامێرەکان ( پیس یان پوختەکراو)) زیاد بکرێت ، بۆ (١) یەک تەن بەها (١٣٠) سەد و سی دۆلار بەرێژەی (١٠%) وەربگیرێت.
- بەشی دوانزە/زنجیرە (٢)/بڕگەیەکی نوێ تایبەت بە هەناردەکردنی (کۆنە خەریتەی ئامێرە کارەبایی و ئەلیکترۆنیەکان) لە خ شتەکە زیاد بکرێت بەبەهای (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بەرێژەی (١٠%) بۆ یەک تەن .
- بەشی دوانزە/زنجیرە (١٨)/بڕگەیەکی نوێ تایبەت بە هە ناردەکردنی (خۆڵی پاشماوەی فلتەری کارگەی ئاسن)) لە خشتەکە زیاد بکرێت بە بەهای (١٠٠) سەد دۆلار بەریژەی (٥%) بۆ یەک تەن.
- بەشی دوانزە/ بڕگەیەکی نوێ تایبەت بە هەناردەکردنی (کانزای زینک) لە خشتەکە زیاد بکرێت بە بەهای بەبەهای (٣،٠٠٠،٠٠٠) سێ ملیۆن دینار بەرێژەی (١٠%) بۆ یەک تەن .

**ماددەی(٢):**ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی دەرچوونیەوە وە لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**